# ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

**ئەنوەر محەمەد فەرەج مەحموود [١،٢]، زانا کەریم نەجم [٢]**

[١] بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی یاسا و ڕامیاری، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢] بەشی زانستە ڕامیاریەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیاریەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.

**پوختە -** کۆتا دەیەی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهات و ڕووداوی جیهانی و هەرێمی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ڕەنگە گرنگترینیان بۆ ئێمەی کورد، لەم بەشەی کوردستاندا (هەرێمی کوردستان- عێراق) دەرکەوتنەوەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی ناوخۆییش هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی خۆ- بەڕێوەبەر و هەرێمێکی دیفاکتۆیێت، بەناوی هەرێمی کوردستان- عێراق .

تیشک خستنە سەر ئەم دەرکەوتنەوەیە و تێگەیشتن لە واتا و ڕەهەندەکانی، دەبێتە گیروگازی سەرەکی توێژینەوەکەمان و گریمانەی ئەوە دەکەین کەوا هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئامادەیی هەیە و دەکرێت وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت (Non-State Actor) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لێیبڕوانرێت. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین: لە تەوەری یەکەمدا، وەک زەمینەی بیردۆزیی توێژینەوەکە باس لە بکەرە نا-دەوڵەتەکان دەکەین. تەوەری دووهەمیش تەرخان دەکەین بۆ تاووتوێکردنی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق وەک بکەرێکی نا- دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی ئەو ئامادەییە. لە دەرەنجامیشدا سەرنجێکی خێرا دەخەینە سەر ئایندەی ئامادەیی هەرێمی کوردستان.

**ووشە کلیلییەکان-** بیردۆزی سیانە وێنا، بکەرە نا- دەوڵەتەکان، هەرێمی کوردستان- عێراق، دەوڵەتگەرایی، فرەگەرایی.

## 1. پێشەکی

کۆتا دەیەی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهات و ڕووداوی جیهانی و هەرێمی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ڕەنگە گرنگترینیان بۆ ئێمەی کورد، لەم بەشەی کوردستاندا (هەرێمی کوردستان- عێراق) دەرکەوتنەوەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی ناوخۆییش هاتنە ئارای دەسەڵاتێکی خۆ- بەڕێوەبەر و هەرێمێکی دیفاکتۆیێت، بەناوی هەرێمی کوردستان- عێراق. چەندین هۆکار، کاریگەرییان هەبوو لەوەدا کە هەرێم خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانبێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئامادەیی هەبێت، دەکرێت ئاماژە بەوەبدەین کەوا خەباتی دووررودرێژی رزگاریخوازانەی گەلی کورد؛ هەڵکەوتەی جوگرافیایی هەرێم؛ فشەڵی و شکستخواردوویی دەوڵەتی عێراق؛ رەوشی تازە وەپێشهاتووی جیهان؛ و پشتیوانیی هێزە جیهانییەکان، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون.

لێرەوە تیشک خستنە سەر ئەم دەرکەوتنەوەیە و تێگەیشتن لە واتا و ڕەهەندەکانی دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو سەرپێخستنی هەوڵێکی سەرەتایی بە ئامانجی داڕشتنی چوارچێوەیەکی بیردۆزیی بۆ شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەرچەندە چوونەپای توێژینەوە لە وەها بابەتێک، ئاستەم و گیروگازاوی (إشكالي) دەردەکەوێت و ڕەنگە پرسیارگەلێکیش بوروژێنێت لەبابەتی ئەوەی کە: ئایا دەکرێت پڕکێشی بکرێت و دوور لە سۆز و لە گۆشەنیکای چەمک و بیردۆزەکانی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، باس لە ئامادەیی هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵ بکەین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟ ئەگەر دەکرێت، ئەوا ئامادەییەکە چۆن ئامادەییەکە و لەکوێدا سنوورەکانی بە پایان دەگات؟

ئەو پرسیارانەی سەرەوە، دەبنە گیروگاز(Problem) ی سەرەکی توێژینەوەکەمان و هەوڵدەدەین دەستوپەنجەی لەتەکدا نەرم بکەین، هەروەها بەدوای وردەکاری وەڵامدانەوەیاندا بچین و لەڕوانگەی چەمک و بیردۆزەکانی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکەین.

لەم سۆنگەیەوە گریمانە (Assumption)ی ئەوە دەکەین کەوا هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئامادەیی هەیە و دەکرێت وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت (Non-State Actor) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لێیبڕوانرێت. بەڵام ئەم ئامادەییە گۆڕاوێکی شوێنکەوتەیە (Amenable)، واتا ڕووبەڕووی هەڵکشان و داکشان دەبێتەوە و دەتوانین بڵێین لە هەندێک باردا، ئەگەری نەمانیشی لە ئارادایە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان و پاسادانکردنی گریمانەکەشمان، چەمکی بکەرە نا-دەوڵەتەکان وەک دەستاوێژێکی بیردۆزیی (Theoretical Tool) بۆ نزیکبوونەوە لە بابەتەکە بەکاردەهێنین. لە لایەکی ترەوە، بەمەبەستی دیاریکردنی سنووری باس و ئاستی توێژینەوەکەشمان پەنا دەبەینە بەر بیردۆزی سیانە وێنا (Three Images Theory) یاخود ئەوەی پێیدەگوترێت ئاستەکانی ڕاڤەکردن

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp122-131
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 6 تشرين ٱلأول 2022؛ قُبل في 2 تشرين ٱلثَّاني 2022؛ نُشرت في 1 كانون ٱلأول 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :anwar.faraj@uhd.edu.iq, zana.najm@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2022 ئەنوەر محەمەد فەرەج مەحموود، زانا کەریم نەجم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(Levels of Analysis). بیردۆزی سیانە وێنا، بەسانایی واتا هەر دیاردە و ڕاستییەکی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکرێت لەسەر سێ ئاست شرۆڤەبکرێت: ئاستی خودی دیاردەکە، ئاستی ئەو دەوڵەتەی کە دیاردە یاخود ڕاستییەکە لەخۆ دەگرێت، ئاستی هەرێمی و جیهانی. ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا سێرە لەسەر ئاستی سێیەم دەگرینەوە، بەڵام لەم ڕووەوە پرسیارێک دێتە ئارا، ئەویش ئەمەیە: ئایا دەکرێت بە سێرەگرتن (التركيز) لەسەر تەنها یەک ئاست و شرۆڤەکردنی تەنها یەک وێنا، مافی تەواو بە بابەتی بەرباس بدەین و سەر نەکێشێت بۆ شێواندنی تێگەیشتن لە بابەتەکە؟ بێگومان لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر هەر سێ ئاستەکە تێگەیشتنێکی تەواوتر بەدەستەوە دەدات، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە چڕبوونەوە تەنها لەسەر ئاستی سێیەم خزمەت بە پرسەکە ناکات، کەواتە وەڵامی پرسیاری سەرەوە 'بەڵێ'یە. لە لایەکی ترەوە سێرەگرتنمان لەسەر ئاستی سێیەم، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکییە: یەکەمیان، ئاڵۆزیی پرسەکەیە بەجۆرێک لێکۆڵینەوە لەسەر هەر سێ ئاستەکە، پێویستی بە کاری بەکۆمەڵ و دەرفەتی فراوانتر هەیە. دووهەمیان، پەیوەندی بە بواری پسپۆڕییمانەوە هەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتییە. بۆیە دوو ئاست یاخود دوو وێناکەیتر بۆ پسپۆڕانی تری ئەو بوارانە جێدەهێڵین و بەئومێدین وەکو پێویست بایەخی پێبدرێت.

پەیوەست بە چوارچێوەی کاتەکی (الإطار الزماني) توێژینەوەکەشمان، ئەوا لە کۆتا دەیەی سەدەی ڕابردووەوە دەستپێدەکات و تا هەنووکە درێژدەبێتەوە و سەرنجێکی خێراش لە ئایندەی ئەو ئامادەییە دەدەین.

سەبارەت بەو ئەدەبیاتەش کە لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان- عێراقدا وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت لە ئارادایە، بەگوێرەی دەستڕەسی ئێمە دەتوانین بڵێین، ئەدەبیاتێکی هەژارە و لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە دوو توێژینەوە بدەین: یەکەمیان، تێزێکی دکتۆرایە و لەلایەن خانمە توێژەرێکەوە نووسراوە (خارواداکي، 2013؛ خارواداکي،2011) کە وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان- عێراقدا کردووە، پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دووهەم توێژینەوەش، توێژینەوەیەکی پرۆفیسۆر شێرزاد ئەحمەد نەجارە (النجار، 2014). هەرچەندە ئەم دوو توێژینەوەیە بەشدارییەکی گرنگیان کردووە لە داڕشتنی چوارچێوەیەکی بیردۆزیدا بۆ بابەتی بەرباس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین لایەن و پرسی تریان بەدەست لێنەدراوی جێهێشتووە. لەم بەستێنەدا توێژینەوەیەکی لەبابەت ئەم توێژینەوەیەی ئێمە، ڕەوایەتی ئەنجامدانی وەردەگرێت و هیواخوازین لەم ڕووەوە هەنگاوێک بچینەپێش و بەشدارییەک، ئەگەر بچووکیشبێت، لەدەوڵەمەندکردنی ئەم ئەدەبیاتەدا بکەین.

ئەوەی ماوەتەوە لەم پێشەکییەدا ئاماژەی پێبدەین، ناساندنی چەمکەکانە. چونکە کاتێک لەبارەی بابەتێکەوە ئەنجامگیری (Reasoning) دەکەین و ئارگومێنتێک سەرڕێ دەخەین، هەنگاوی یەکەم و سەرەتا بریتیی دەبێت لە ڕوونکردنەوە و ناساندنی ئەو چەمکانەی کە بەکاری دەهێنین. ئەو پرسیارەش کە پەیوەست بە چەمکەکان بەشوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێین، پرسیاری چیەتییە (Whatness)، واتا چییەتی ئەو چەمکانەی کە ئەنجامگیریی لەبارەوە دەکەین (رەفیق،2014). وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە، گریمانەی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تان و پۆی توێژینەوەکەمان دەچنێت. کەواتە ئەو چەمکە سەرەکییانەی کە ئەنجامگیری لەبارەوە دەکەین چەمکی: هەرێمی کوردستان- عێراق، چەمکی بکەرە نا- دەوڵەتەکان، و چەمکی ئاستی نێودەوڵەتییە. لە میانی توێژینەوەکەماندا و لەو تەوەرانەدا کە بۆ بابەتەکانی تەرخان دەکەین، هەریەکێک لە چەمکەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق و بکەرە نا-دەوڵەتەکان پێناسەدەکەین، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بەخێرایی و سەرپێییانە بەسەری بکەینەوە، چەمکی ئاستی نێودەوڵەتیی (International Level) ە، کە وەک چوارچێوەی شوێنەکی (الإطار المكاني) توێژینەوەکەشمان خۆی دەنوێنێت.

زۆرێک لە توێژەران، بەتایبەتی ئەوانەی کە سەر بە ئاڕاستەی لیبراڵگەرایین، لەجیاتی زاراوەی 'نێودەوڵەتی' زاراوەی 'جیهانی' بەکاردەهێنن، بەو هەنجەتەی کەوا زاراوەی نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی دیدی دەوڵەت تەوەرەییە و دەربڕێنێکی ورد نییە بۆ وەسفکردنی پەیوەندیی نێوان بکەرە جیهانییەکان. بەڵام مەبەستی ئێمە لە بەکارهێنانی چەمکی 'نێودەوڵەتی' لەم توێژینەوەیەدا، کاریگەربوون نییە بە ئاڕاستەی دەوڵەتگەرایی و خۆشمان بەدوورگرتووە لە مشتومڕی نێوان دید و ئاڕاستە جیاوازەکان لەم بارەیەوە. بەڵکو مەبەستمان ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکانە لەدەرەوەی سنووری زیاتر لە دەوڵەتێک، واتا مەرج نیە ئامادەییەکە جیهانی بێت، بەڵکو هەر ئامادەییەک سنووری دەوڵەتێکی تێپەڕاند دەبێتە نێودەوڵەتی (حمشي وزقاغ، 2022). لە لایەکی ترەوە و لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی پارادایمی عەقڵانیدا دەسوڕێتەوە، هەم چەمکی 'جیهانی' بەکاردەهێنین هەم چەمکی 'نێودەوڵەتی'.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشەکییەدا کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، توێژینەوەکەمان بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین: لە تەوەری یەکەمدا، وەک زەمینەی بیردۆزیی توێژینەوەکە باس لە بکەرە نا-دەوڵەتەکان دەکەین. تەوەری دووهەمیش تەرخان دەکەین بۆ تاووتوێکردنی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق وەک بکەرێکی نا- دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی ئەو ئامادەییە، لە کۆتاییشدا سەرنجمان دەخەینە سەر ئایندەی ئەو ئامادەییە.

## 2. بکەرە نا-دەوڵەتەکان

ئەگەر لەگەڵ جۆزێف نایدا، کە بیریارێکی کلیلی ناو تەوژمی لیبراڵگەرایی و خاوەنی بیردۆزی نەرمەهێزە، وێکچواندن (Analogy) بکەین و کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە سەکۆی شانۆ بچوێنین، ئەوا هەمموو ئەو لایەنانەی لەسەر ئەم تەختەی شانۆیە ڕۆڵدەگێڕن و کاریگەرییان هەیە، پێیان دەگوترێت 'ئەکتەر' (Nye,2011). لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا، چەندین زاراوە بۆ ناولێنانی ئەم ئەکتەرانە بەکاردەهێنرێت (بۆ نموونە لەناو ئەو زاراوانەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت: 'Entity'، 'Unit'، 'Actor'. لە زمانی عەرەبیشدا ئەم زاراوانە بەکاردەهێنرێت: 'فاعل'، 'وحدة'، 'كيان'، 'جهة'، 'ممثل'، 'لاعب'، 'طرف'، ..هتد.)، لە زمانی کوردیشدا ئێمە زاراوەی 'بکەر' مان بەرانبەر 'ئەکتەر' بەکارهێناوە.


ئەم 'بکەرانە' ی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەبن: دەوڵەت (State)، نا-دەوڵەت (Non-state). پۆلی یەکەم، واتا دەوڵەتان دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە هەوڵەکانمان لەسەر پۆلی دووهەم، واتا بکەرە نا-دەوڵەتەکان چڕدەکەینەوە و لێرە بەدوا، لەبارەیەناوە دەدوێین. بەڵام لەسەرەتاوە پێویستە دوو سەرنجی کورت لەم بارەیەوە دەربڕین:

یەک/ هەندێک توێژەر لەجیاتی دوو پۆل، پۆلێنێکی سیانەیی بۆ بکەرە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، سەرباری دەوڵەت و نا-دەوڵەت، باس لە جۆرێکی تری بکەری نێودەوڵەتی دەکەن و ناوی لێدەنێن 'بکەرە دوو توخمەکان' Hybrid Actors. مەبەست لە بکەری دوو توخم ئەو جۆرە بکەرانەن کەوا نە دەوڵەتن و نە نا-دەوڵەت، لە ڕووی پەیکەر و داڕشتنی سیاسەتەوە جیاوازن لە دەوڵەت، کەچی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتیشدا

ئامادەییان هەیە. لە ناوچەیەکی خۆڵەمێشیدان لەنێوان دەوڵەت و نا- دەوڵەتدا، وەک حیزبوڵڵای لوبنانی، حوسییەکانی یەمەن و ..هتد.

دوو/ لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چەندین زاراوەی جیاواز بۆ بکەرە نا-دەوڵەتەکان بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە توێژەرێکی وەک پیتەر ویلێتس لەجیاتی 'بکەرە نا-دەوڵەتەکان'، زاراوەی 'بکەرە سنوور بڕەکان' Transnational Actorsبەکاردەهێنێت (Willets, 2013). هەروەها لە ناو توێژەرە عەرەبەکانیشدا زاراوەی جۆراوجۆر بۆ بکەرە نا- دەوڵەتەکان بەکاردەهێنرێت، وەک: 'العابرين للقومية'، 'الفواعل غير الرسمية'، 'الجهات غير الحكومية'، 'الفاعلون من غير الدول'..هتد.

**هێڵکاری ژمارە (1)**
**بکەرە نێودەوڵەتییەکان**




**تێبینی: هێڵکارییەکە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە.**

### 1-2. پێناسەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان

یەکێک لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی هەر توێژەرێک دەبێتەوە لە ناساندنی چەمکەکاندا، فرەیی و جیاوازیی ئەو پێناسانەیە کە بۆ چەمکێک لەناو پسپۆڕانی بوارەکەدا لە ئارادایە. چەمکی بکەرە نا-دەوڵەتەکانیش لەم ڕێسایە بەدەر نییە، هەر توێژەرێک بەجۆرێک و لە ڕوانگەیەکەوە لە پرسەکە دەڕوانێت، بۆیە کاری دۆزینەوەی پێناسەیەکی بیانوو بڕ، کارێکی ئەستەم و نەکردەیە. ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەش بێت کە پاڵی بە توێژەرانێکی وەک داڤنێ یۆزەلین و ولیام والاسەوە نابێت، لەجیاتی پێناسە، ئەو تایبەتمەندیانە دەستنیشان بکەن کە لە بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا هەن و بکەرێک دەکەن بە بکەرێکی نا- دەوڵەت. بەگوێرەی ئەم دوو توێژەرە، بکەری نا-دەوڵەت ئەو ڕێکخراوانە لەخۆ دەگرێت کە(Josselin & Wallace, 2001):

أ- بەتەواوی یان ئارادەیەکی زۆر سەربەخۆیە لە پارەدارکردن و کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی: لە کۆمەڵگای مەدەنییەوە یان لە ئابووری بازاڕەوە یان لە پاڵنەری سیاسییەوە، لەودیو کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی دەوڵەتەوە دەردەکەوێت.

ب- چالاکییەکانی سنووری دەوڵەت تێدەپەڕێنێت، یان بەشداری دەکات لەو تۆڕانەی لەنێو سنووری دوو دەوڵەت یان زیاتردا درێژدەبنەوە- بەمشێوەیە بەشداری دەکات لە پەیوەندییە سنووربڕەکان و پێکەوە بەستنی کۆمەڵگاکان، ئابوورییەکان، سیستەمە سیاسییەکان.

ت- بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، کار لە دەرەنجامە سیاسییەکان دەکات، چ لەناو دەوڵەتێک یان زیاتر لە دەوڵەتێک یان لەناو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا- جا ئەم هەڵسوکەوتە بە مەبەستبێت یان بێ مەبەست، وەک ئامانجی سەرەکییێت یان وەک بەشێک لە چالاکییەکانی.

هەرچەندە وشەی 'ڕێکخراو'، لەم دەستنیشانکردنەی سەرەوەدا گرفت سازێنە. چونکە، بۆنموونە تاکە کەس وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت لە خۆ ناگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووماڵێکی فراوانی بابەتەکە دەکات و دەکرێت بۆ ناسینەوەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان هەڵبیگرینەوە.

بەپێی بۆچوونەکەی جۆزەلین و والاس 'سەربەخۆیی' Autonomy و 'سنووربڕیی' Trans border و 'کاریگەریی' Influence ، سێ تایبەتمەندی سەرەکیی بکەرە نا-دەوڵەتەکانن، هەروەها بە پشت بەستن بە برایان هۆکینگ Brian Hocking و مایکل سمیس Michael Smith دەکرێت تایبەتمەندیی 'نوێنەرایەتی' Representation یش سەربار بکەین (رجب، 2012). مەبەست لە سەربەخۆیی بکەری نا-دەوڵەت، سەربەخۆییەکی ڕێژەییە، نەک وەک دەوڵەت خاوەنی سەروەریی و سەربەخۆیی تەواوبن، بە واتایەکی تر، تا ڕادەیەک سەربەخۆیانە لە دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکەن و کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەکەن. مەبەست لە 'سنووربڕیی'ش واتا چالاکییەکانیان لە سنووری دەوڵەت ئاوادەبێت و سنووری زیاتر لە یەک دەوڵەت دەبڕێت. هەرچی 'کاریگەریی' یشە، واتا دروستکردنی جیاوازی بەرانبەر پرسێک لە بەستێنێکی دیاریکراودا، بەراورد بە کاریگەریی بکەرێکی تر لەهەمان پرسدا. 'نوێنەرایەتی'ش واتا نوێنەرایەتیکردنی پشتیوان و شوێنکەوتووانی یاخود نوێنەرایەتیکردنی پرسێکی ڕەوا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، دەکرێت پێناسەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان بکەین و بڵێین: بریتین لە هەموو بکەرەکان، جگە لە دەوڵەتان کە لەسەر سەکۆی شانۆی نێودەوڵەتی تارادەیەک سەربەخۆیانە ڕەفتار دەکەن و مەودای کاریان سنووری زیاتر لە دەوڵەتێک دەبڕێت و خاوەن کاریگەریی دیاریکراون و نوێنەرایەتی پشتیوانان یاخود پرسێکی ڕەوا دەکەن.

### 2-2. پۆلبەندی بکەرە نا-دەوڵەتەکان

وەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، هەموو بکەرەکانی سەر شانۆی نێودەوڵەتی، جگە لە دەوڵەتان لەژێر ناوونیشانی بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا کۆدەبنەوە، ئەمەش واتا ژمارەیەکی فرەچەشن و بێشوماری بکەر، کە کاری پۆلێنکردن ئەستەم دەکات. بۆیە گرفتێک کە لە پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا دێتە پێش، دۆزینەوەی پۆلبەندییەکە هەموو بکەرە نا-دەوڵەتەکان لەخۆ بگرێت و ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکات کە بەهۆیەوە جۆرە جیاوازەکانی بکەرە نا-دەوڵەتەکان بناسینەوە و لێکیان جیابکەینەوە. هەر توێژەرە پاڵپشت بە دید و ڕوانگەی تایبەتی خۆی، بەشێوازێک و لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک پۆلێنیان دەکات، بەجۆرێک دۆزینەوەی پۆلبەندییەکی گشتگیر و تەواو کە هەموو جۆرە جیاوازەکانی بکەرە نا-دەوڵەتەکان لەخۆبگرێت کارێکی نەکردەیە.


پۆلبەندییە کلاسیکییەکان لەسایەی دیدی دەوڵەتگەراییدا (Statism) دەوڵەت دەکەن بە بنەمای پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکان، بۆ نموونە ئەو بکەرانەی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە دروستکراون وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان (IGOs) و ئەو بکەرانەی لەلایەن دەوڵەتانەوە دروست نەکراون، وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە نا

حکومییەکان (INGOs) کە لەلایەن کەسانی خۆبەخش یان هێزگەلی کۆمەڵایەتییەوە دروستکراون؛ یان پۆلێنیان دەکەن بۆ بکەرە سەروو دەوڵەتییەکان و بکەرە خوار دەوڵەتییەکان و بکەرە دەوڵەتبڕەکان (الصديقي، 2006؛ جوف، 1993؛ عزم، 2010). بەڵام پۆلبەندییە نوێیەکان، تارادەیەک گشتگیرترن و رەهەندی تر دەکەن بە بنەمای پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکان، وەک رەهەندی جوگرافی، ئایدیۆلۆجی، ئابووری ( أبو ليلة، 2013). یان پاڵپشت بە پێوەری ئاستی چالاکی، پێوەری پێکهێنەری هێز کە نا- دەوڵەتەکە هەیەتی، پێوەری سروشتی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا (رجب، 2012). یاخود فرە پێوەری دەکەن بە بنەمای پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکان و پێنج پێوەر بەکاردەهێنن لە پۆلبەندیی بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا، کە بریتین لە: سەرچاوەی هێزی بکەرە نا-دەوڵەتەکە، ئایا سەرچاوەیەکی مادییە وەک هەبوونی هێزی ئابووری یان هەبوونی چەک و هێزی سەربازی، یاخود سەرچاوەیەکی واتاییە وەک بەها و شوناس و کەلتوور؛ پێوەری دووهەم مەودای چالاکییە، واتا چالاکییەکانی لە ناوخۆی دەوڵەتدایە یان سنووری دەوڵەت دەبڕێت، هەرێمییە یان جیهانییە؛ پێوەری سێهەم پەیوەندی بکەرە نا-دەوڵەتەکەیە بە دەوڵەتەوە، ئایا بکەرێکی سەر بە حکوومەتە یان نا-حکومییە؛ پێوەری چوارەم ئامانجی بکەرە نا-دەوڵەتەکەیە، ئایا ئامانجی پاراستنی باری ئارایە (الوضع القائم) یان گۆڕینی باری ئارایە؛ پێوەری کۆتاییش جۆری چالاکی بکەرە نا-دەوڵەتەکانە، ئایا چالاکییەکی ئابوورییە یان سەربازییە یان مەدەنییە (رجب، 2013). هەندێک پۆلێنبەندی تریش پۆلبەندی دەکەن و لەجیاتی ئەوەی بنەمایەک دەستنیشان بکەن بۆ پۆلێنکردن، پەنا دەبەنە بەر دەستەبەندی (Grouping) بۆ دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکانی بکەرە نا-دەوڵەتەکان و باس لە جۆرەکانی بکەرە نا-دەوڵەتەکان دەکەن (برايار وجليلي، 2009؛ محمود، 2017)، کە بەرای ئێمە، پۆلبەندییەکی گرفتسازێنە و کۆمەکێکی ئەوتۆ ناکات بۆ پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکان.

هەندێک توێژەر وەک 'پیتەر ویلێتس' رەوایەتی دەکات بە بنەمای پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکان و بکەرە سیاسییەکان لە سیستەمی جیهانیدا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەکات، ئەوانیش: بکەرە رەواکان (Legitimate) و بکەرە نا رەواکان(Non-legitimate)، واتا ئەو بکەرانەی کە خاوەن رەوایەتین و ئەو بکەرانەی کە رەوایەتییان نییە. بکەرە خاوەن رەوایەتییەکان، جگە لە دەوڵەتان چوارجۆری تری بکەری نا دەوڵەت لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە: کۆمپانیا دوەڵەتبڕەکان، رێکخراوە نا حکومییەکانی سەر بە یەک دەوڵەت، رێکخراوە نێوان حکومەتییەکان (IGOs)، رێکخراوە نا حکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGOs)؛ گروپە نا رەواکانیش (وەک: گروپی تاوانی نێودەوڵەتی و کۆمەڵە گەریلاییەکان و گروپە تیرۆریستەکان) و بزوتنەوە ئازادیخوازەکان (Willets, 2013). گرفتی ئەم پۆلبەندییە ئەوەیە کە لە لایەکەوە پێودانگ بنەمایە (Norm-based) و لە لایەکی تریشەوە، بکەرێکی وەک بزوتنەوە رزگاریخوازەکان بە بکەری نا-رەوا پۆلێندەکات، بەڵام سەرەڕای ئەم تێبینیانەش، تارادەیەک پۆلبەندییەکی گشتگیرە و دەکرێت لە پۆلێنکردنی بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا پشتی پێببەستین، چونکە پرسی رەوایەتی و نا رەوایەتی رەهەندێکی گرنگی ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەبێ رەوایەتی مەودای کاری بکەرە نا-دەوڵەتەکان زۆر بەرتەسک دەبێتەوە. ئەمەش لایەنێکی تری گرنگی ئەم پۆلبەندییەی 'ویلێتس'ە.

**هێڵکاری ژمارە (2)**

**بکەرە نا- دەوڵەتەکان بەگوێرەی پۆلبەندییەکەی ویلێتس**




**تێبینی: هێڵکارییەکە لە لایەن توێژەران و بەسوود وەرگرتن لە پۆلێنبەندییەکەی پیتەر ویلێتس ئامادەکراوە**

## 3-2. چوارچێوەی بیردۆزیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان

وێڕای ئەوەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان ریشەیەکی مێژوویی دوور و درێژیان هەیە، کەچی توێژینەوە و هەوڵدان بۆ راڤەکردنی ئامادەییان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نوێیە و لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا سەرەتای ئەو هەوڵانە دەرکەوت. ئەو گۆڕانکارییانەی لەم مێژووەوە پێشهاتن، کاریگەرییان لەسەر دید و تێڕاِنینەکانی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دانا و دەریانخست کەوا دیدی دەوڵەت تەوەرەیی (State Centric) بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە کارلێک و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان (نجم، 2021).

سەرەتا و دەستپێکی ئەم هەوڵانە بە بیردۆزی هاوبەستەیی ئاڵۆز (Interdependence Complex Theory) ی 'رۆبێرت کیۆهەین' و 'جۆزێف نای' دەستپێیکرد و دواتر رێڕەوی خۆی وەرگرت و رەنگرێژ بوو. لێرەوە دوو ئاراستە بۆ شرۆڤەکردنی ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکاندا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەریهەڵدا. هەرچەندە هەندێک توێژەر باس لە ئاراستەی سێهەمیش دەکەن (محمود، 2017)، بەڵام ئێمە تەنها سێرە لەسەر دوو ئاراستە دەگرین و پێمانوایە ئاراستەی سەرەکین، ئەو دوو ئاراستەیەش بە ئاراستەی دەوڵەتگەرایی (Statism) و ئاراستەی فرەگەرایی (Pluralism) ناودێر دەکەین.

### 2-3-1. ئاراستەی دەوڵەتگەرایی

ئەم ئاراستەیە پێ لەسەر دەوڵەت سالاری و تەوەرەیی بوونی دەوڵەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دادەگرێت و پێیوایە ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان، ئامادەییەکی پەراوێزییە و وابەستەی ویستی دەوڵەتانە. قوتابخانەی ریالگەرایی تەوژمی سەرەکی ناو ئەم ئاراستەیەیە و بەگوێرەی هانز ج. مۆرگێنساو، پێشەنگی بیردۆزی ریالگەرایی کلاسیک، سیاسەتی نێودەوڵەتی ململانێی نێوان دەوڵەتانە لەپێناو هێز و دەسەڵاتدا، بە واتایەکی تر دەوڵەت تاقانە بکەری سەرەکی و یەکەی بناغەیی شرۆڤەکردنە (Morgenthau, 1993).

زۆربوونی ژمارەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان و هەڵکشانی ئامادەییان و هاوبەستەیی دەوڵەتان، ئاڵەنگاری نوێیان رووبەڕووی بیردۆزی ریالگەرایی کلاسیک کردەوە و وایان لە 'کینیس والتز' کرد لەپێناو پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکورتییەکاندا، پێداچونەوە بە بیردۆزی ریالگەرایی کلاسیکدا بکات و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (بیردۆزی سیاسەتی نێودەوڵەتی) بیردۆزی ریالگەرای پەیکەریی پێشکەش بکات. هەرچەندە ئەم کتێبە،

بواری شرۆڤەکردنی فراوانکرد، بەجۆرێک بکەرە نا-دەوڵەتەکانیش لەخۆ بگرێت و تا رادەیەک ئامادەییان لەبەرچاو بگرێت، بەڵام ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان هەر لاوەکی مایەوە و دەوڵەت لە چەقی تێڕوانین و شرۆڤەکانی واڵتزیشدا مایەوە (Waltz, 2010).

تەوژمێکی تری ناو ئاڕاستەی دەوڵەتگەرایی، بیردۆزی دامەزروەگەرایی لیبراڵی نوێیە Neo-liberal Institutionalism. هەرچەندە گەورە لایەنگرانی ئەم بیردۆزە سەر بە قوتابخانەی لیبراڵگەرایین، بەڵام بە سەرنجدان لەو بەستێنەی کە ئەم بیردۆزە تێیدا گەشە دەکات، بۆمان دەردەکەوێت ئەم بیردۆزە نزیکتر لە بیردۆزی ریاڵگەرایی پەیکەری دەردەکەوێت، وەک لە قوتابخانەی لیبراڵگەرایی لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا (دان،2004). ئەم بیردۆزە لەپێناو لێکۆڵینەوەی هاریکاری نێودەوڵەتی، پشتیوانی تێڕوانینی دەوڵەت تەوەرەیی دەکات و وەک بیردۆزی ریاڵگەرایی پەیکەریی، پێیوایە کەوا دەوڵەت بکەرێکی یەکانەیی (Unitary) و عەقڵانی قازانج ویستە و کاروباری جیهانی قۆرغکردووە (Folker, 2010).

لەگەڵ ئەوەشدا کە رۆبێرت کیۆهەین، یەکێک لە پێشەنگانی دامەزراوەگەرایی لیبراڵی نوێ لە کارەکانی پێشووتریدا جەغد لەسەر گرنگی بکەرە نا-دەوڵەتەکان دەکاتەوە، کەچی لە تێگەیشتنیدا بۆ دامەزراوەگەرایی لیبراڵی نوێ، دانبەوەدا دەنێت کە بکەرە نا-دەوڵەتەکان ملکەچی دەوڵەتن (دن، 2004). بەکورتی مشتومڕی ریاڵگەرایی نوێ/ لیبراڵگەرایی نوێ کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت بکەری سەرەکییە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا (سميث، 2004).

ئەم ئاڕاستەیە رووبەڕووی چەندین رەخنە بوویەوە (نجم، 2021)، بەڵام گرنگترینیان پەیوەست بەم توێژینەوەیەی ئێمە ئەوەیە، کە چیتر ناتوانێت هاریکاری تەواومانبێت بۆ تێگەیشتن لە تەواوی لایەنەکانی کارلێک و هاوکێشەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەهۆی ئامادەیی بەرفراوان و هەڵکشانی رۆڵی بکەرە نا-دەوڵەتەکان لە ئاڕاستەکردنی زۆرێک لە پرسەکاندا.

### 2-3-2. ئاڕاستەی فرەگەرایی

ئەم ئاڕاستەیە پێ لەسەر ئامادەیی گرنگی بکەرە نا-دەوڵەتەکان هاوشانی دەوڵەتان دادەگرێت و کاریگەرییان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لەبەرچاو دەگرێت. مەبەست لە فرەگەراییش (Pluralism) فرەیی بکەرەکانە، واتا لەگەڵ دەوڵەتدا چەندین بکەری تر لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئامادەییان هەیە. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا فرەگەرایی ئاڕاستەی دەوڵەتگەرایی رووبەڕووی ئاڵەنگاری کردەوە، فرەگەرایی سێرەی لەسەر بکەری نوێ (بکەرە نا- دەوڵەتەکان) و شێوازی نوێی کارلێککردنی بکەرەکان (هاریکاری و هاوبەستەیی) (دن، 2004) و پرسی نوێ گرتەوە. فرەگەرایی گەنگەشەی ئەوە دەکات کە گریمانەکانی ئاڕاستەی دەوڵەتگەرایی کلاسیک لە سەردەمێکدا هاتن کە ئاستی هاوبەستەیی (Interdependence) نێوان دەوڵەتان زۆر لەوە نزمتر بوو کە ئێستا هەیە، هەروەها گەنگەشەی ئەوە دەکەن کەوا پارێزبەندیی و توانای لە سمین (إختراق) بەدەری دەوڵەت لەسەدەی بیستدا لە چەندین رووەوە تووشی داخورانی گەورە بووە. لە ئەدەبیاتی ئاڕاستەی فرەگەراییدا ئەم داخورانە بە ئاماژەدان بە بیرۆکەی هاوبەستەیی Interdependence راڤەکراوە، بەتایبەت لەبواری پەیوەندی ئابووریدا. فرەگەراکان لەو بڕوایەدان کەوا هەندێک ئامانجی ئابووری تەنها کاتێک دەتوانرێت بەدیبهێنرێت کە دەوڵەتان هاریکاری زیاتر بکەن لەگەڵ بکەرە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتەکانی تردا. فرەگەراکان جیاواز لە دەوڵەتگەراکان، لە دەوڵەت دەڕوانن وەک ئەوەی کە زیاتر ئامێزانبووە لە سیستەمی جیهانیدا، لەبەر ئەوەی کە سیستەمەکەش سیستەمی بکەرە تێکەڵەکانە، کەواتە سیفەتی جیاکەرەوەی بکەر سەربەخۆیی (الإستقلالية) دەبێت، نەک سەروەریی (السيادة). بەلای فرەگەراکانەوە چەمکی بکەر رێژەییە: واتا ناتوانرێت بە بنەمایەکی قانوونی (مبدأ قانوني) وەک سەروەریی بچەسپێنرێت، بەڵکو شان لەسەر بەستێنی بواری کەیسەکە دادەدات (إيفانز ونوينهام، 2004).

جۆزێف نای و رۆبێرت کیۆهەین لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستدا، گەرای بیردۆزی هاوبەستەیی ئاڵۆزیان دانا بۆ راڤەکردنی پێشڤەچوونە نوێیەکانی ئەو دەم، کە پەیوەندیدار بوون بە فراوانبوونی چوارچێوەی بکەرە نا-دەوڵەتەکان و هەڵکشانی رۆڵیان و بەدەستهێنانی پایە و کاریگەریی زیاتر لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی. ئەم بیردۆزە وەک بەردی بناغەی بنیادنانی بیردۆزێکی دەوڵەتبڕ (Transnational Theory) دادەنرێت کە ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان شرۆڤە بکات و لێکیبداتەوە (أبو ليلة، 2013).

دواتر چەمکی حوکمڕانی جیهانی (Global Governance) کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی رابردوودا بڵاوبووەوە، جێگەی چەمکی هاوبەستەیی گرتەوە، کە پێشتر لە ئەدەبیاتی لیبراڵگەراییدا باوبوو. بیرۆکەی حەوکەمەی جیهانی بە رەخنەکردنی چەمکی سیاسەتی دەوڵەت تەوەرەیی کلاسیک و پێشوازی لە کۆمەڵێکی زۆر لە بکەری نا-دەوڵەت، وەک بکەری کاریگەر لە پەیوەندییە دەوڵەتبڕەکاندا دەستپێدەکات (بن سعيد، 2014).

هەروەها تەوژمێکی تری ناو ئاڕاستەی فرەگەرایی قوتابخانەی جیهانخوازییە (Globalist School)، ئەم قوتابخانەیە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا و لە ریشەکانی قوتابخانەی ئایدیاڵگەراییەوە دەرکەوت. سەبارەت بە بکەرە نێودەوڵەتییەکان لەو رووەوە کە دەوڵەت و نا-دەوڵەتەکانیش دەگرێتەوە، ئەم تەوژمە ریاڵگەرایی و ئایدیاڵگەرایی پێکەوە کۆدەکاتەوە (الهياجنة، 2001). دیدەیتی جیهانخوازیی سەرنج لەسەر زیادبوونی چالاکی سنووربڕ و پێویستی پێشخستنی پەیوەندییەکی شرۆڤەکاری گەرموگوڕ لەنێوان لێکۆڵینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی خۆجێیی دەدات، کە بکەرە گشتی و تایبەتەکان پێکەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە (Josselin & Wallace,2011).

لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە لەبارەی چوارچێوەی بیردۆزیی بکەرە نا-دەوڵەتەکانەوە خستمانەڕوو، دەکرێت بڵێین: ئاڕاستەی فرەگەرایی، پەیوەست بە بکەرە نا-دەوڵەتەکان ئاڕاستەیەکی قوڵتر و فرە لایەنترە و بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیەکانی سیاسەتی جیهانی زیاتر کۆمەکمان دەکات. چونکە چیتر ناکرێت دەوڵەت بەتەنها، تاقانە بکەر یاخود بکەری سەرەکی کارلێک و هاوکێشە جیهانییەکانبێت و پێگە و ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان لەبەرچاو نەگیرێت، لەکاتێکدا خاوەن رۆڵ و کاریگەریی بەرچاون.

## 3. ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

مێژووی ئامادەیی کورد وەک گەلێک، و کوردستان وەک وڵاتی کوردان، لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتاندا مێژوویەکی دوور و درێژە. بەڵام ئەم ئامادەییە ئەوەندەی ئامادەیی بووە وەک 'بەرکار'، ئەوەندە ئامادەیی نەبووە وەک 'بکەر'. بە واتایەکی تر ئەوەندەی بڕیار بۆ دراو بووە، ئەوەندە بڕیاردەر نەبووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وەها ئامادەییەک، بەبڕوای ئێمە پەیوەندی بە نەبوونی قەوارەیەکی خاوەن سەروەریی و دانپێدانراوەوە هەیە، چونکە سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی دەوڵەت بنەمایە، تەنها قەوارە خاوەن سەروەرییەکان، وەک ئیمپراتۆریاکان و دەوڵەتان، بکەرەی سەرەکیین و خاوەنی پشکی شێرن لە کارلێککردنەکاندا. نەبوونی قەوارەی سەربەخۆ، هۆکاربووە بۆ

ئامادە نەبوونی کورد وەک 'بکەرێک' لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەرگای دەربازبوونی وەک 'بکەرێک' بۆ داڵانە نێودەوڵەتییەکان بەڕوودا کلۆمکردووە.

لێکەوتە و پاشهاتی رووداوەکانی کۆتا دەیەی سەدەی رابردوو، خاڵێکی وەرچەرخان بوو پەیوەست بە هەلی دەرکەوتنەوەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و رەنگرێژبوونی وردە وردەی قەوارەیەکی دیفاکتۆی کوردی. دواتریش، لەگەڵ رووداوەکانی داگیرکردنی عێراق و نووسینەوەی دەستووری نوێی دەوڵەتی عێراقدا لە ساڵی 2005، بونیادی دەوڵەتی عێراق گۆڕا لە دەوڵەتێکی ناوەندییەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵ و قەوارەی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانیش وەک هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵ رەهەندێکی دەستوری وەرگرت و بوو بە تاقانە قەوارەیەکی قانوونی و دانپێدانراوی کوردی. هەرچەندە پەیوەندی نێودەوڵەتییانەی هەرێمە فیدراڵەکان لە چەند بوارێکدا رێگەپێدراوە، بەڵام لایەنی سیاسیی ئەم پەیوەندییانە قۆرغکراوە بۆ حکومەتی فیدراڵ نەک هەرێمەکان، ئەم راستییە رووبەڕووی ئاڵەنگارییمان دەکاتەوە کاتێک باس لە ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق دەکەین، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

لەم تەوەرەیەدا و لەژێر رۆشنایی ئەو زەمینە بیردۆزییەدا کە لە تەوەری یەکەمدا خستمانەڕوو، تاووتوێی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق دەکەین، وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. دواتر لەسەر ئەو ئاڵەنگارییانە دەوەستین کە رووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت. وەک لە پێشەکی توێژینەوەکەشماندا ئاماژەمان پێدا، پێویستە سەرەتا چەمکی هەرێمی کوردستان- عێراق زۆر بەکورتی بناسێنین و سنوورەکانی دەستنیشانی بکەین.

### 1-3. چەمکی هەرێمی کوردستان- عێراق

'هەرێمی کوردستان- عێراق' زاراوەیەکی کارگێڕی، جوگرافی، قانوونی، سیاسییە و تاڕادەیەکیش نوێیە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو. مەبەست لە هەرێمی کوردستان- عێراق ئەو بەشەی کوردستانە، کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە لکێنراوە و چەندین تایبەتمەندی جوگرافی و مرۆیی و کەلتووری، لە ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵی جیادەکاتەوە. سنوورەکەی لە رۆژهەڵات و باکوور و باکووری خۆراواوە، بریتییە لە سنووری نێودەوڵەتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ هەریەکە لە وڵاتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆماری توورکیا و کۆماری عەرەبی سووریا. بەڵام سنووری باشوور و باشووری خۆراوای هەرێم جێگای مشتوومڕی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵە و تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە و لە دەستوری عێراقی فیدراڵدا وەک ناوچەی جێناکۆک ناوزەدکراون (نجم، 2021).

### 2-3. هەرێمی کوردستان- عێراق وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت

وەک لەپێشەکییەکەدا روونمانکردەوە، ئێمە ئەنجامگیری (Reasoning) لەبارەی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراقەوە دەکەین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. وەک لە ناونیشانی توێژینەوەکەشەوە بەدیار دەکەوێت، نا راستەوخۆ گریمانەی ئەوەمان کردووە کەوا، هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بکەرێکی نا-دەوڵەتە و ئامادەیی هەیە. لێرە بەدواوە، کاتی ئەوەیە پێشەکییەکانمان تاقیبکەینەوە، ئەو پێشەکییانەی کە بونیادی ئارگومێنتەکەمان لەسەر دامەزراندووە و دەرەنجامەکانی لێوە هەڵدەگۆزین. بە واتایەکی تر، کاتی ئەوەیە کە پاسادانی ئەنجامگیرییەکەمان بکەین و گریمانەکەمان بسەلمێنین.

لە سۆنگەی ئەو پێناسەیەوە، کە لە تەوەری یەکەمدا بۆ بکەرە نا-دەوڵەتەکانمان کرد، بۆمان دەرکەوت کەوا، بکەری نا-دەوڵەت خاوەنی چوار تایبەتمەندیی سەرەکییە و بریتین لە: 'سەربەخۆیی'، 'سنووربڕیی'، 'کاریگەریی' و 'نوێنەرایەتی'. پەیوەست بەهەرێمی کوردستان و پشکنینی ئەو تایبەتمەندییانە دەکرێت بڵێین:

سەرچاوەی داهات و پارەدارکردنی هەرێمی کوردستان تاڕادەی نزیک لە سەربەخۆیی تەواو، سەربەخۆیە. بەتایبەتی لەدوای بڕیاری سەربەخۆیانەی فرۆشتنی نەوت و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە، راستەوخۆ بۆ بەندەری جەیهان لەسەر دەریای ناوەڕاست. لە ئێستادا داهاتی هەرێمی کوردستان لە سێ سەرچاوەوە دابین دەکرێت: هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوت، داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان، یارمەتی و هاوکاری هاوپەیمانان. وەک دەرەدەکەوێت هیچ یەکێک لەم سەرچاوانە سەرچاوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق نین و دوورن لە چاودێری و کۆنترۆڵی بەغدادەوە، هەروەها هەرێم دەستکراوەیە لە کۆکردنەوە و خەرجکردنیشیاندا. لە لایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان- عێراق خاوەنی بڕێکی گونجاوی ئازادی و ئامرازی تایبەتە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

لەرووی 'سنووربڕییەوە' چالاکی و جموجۆڵی هەرێمی کوردستان- عێراق تەنها لەچوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا نیە، بەڵکو ئەم چالاکییانە سنووربڕن و هەرێم خاوەنی جۆرێک لە دیپلۆماسیی تەریبە (Parallel Diplomacy) و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و رێکخراوە جیهانییەکان و بکەرە نا-دەوڵەکانی تریشدا هەیە. لەم رووەوە گرێبەستی فرۆشتنی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. ئەم جموجوڵ و چالاکییە سنووربڕانەش شانی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی داداوە، ئەوانیش: بوونی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی دیفاکتۆیە لەهەرێم کە پێویست دەکات خاوەنی پەیوەندی دیپلۆماسی بێت؛ مێژووی درێژی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا (نجم، 2021)؛ هەروەها ویستی بکەرە نێودەوڵەتییەکانی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

سەبارەت بە 'کاریگەریی'ش، ئەوا پابەندی هێزی بکەرە نا-دەوڵەتەکانە و رووبەڕووی هەڵکشان و داکشان دەبێتەوە، واتا هەموو بکەرێکی نا-دەوڵەت بە ئەندازەی هێزەکەی، خاوەنی کاریگەرییە. سەبارەت بە کاریگەریی هەرێمی کوردستان دەکرێت بڵێین لە چەند پرسێکدا هەرێم خاوەنی کاریگەرییە، وەک پرسی وزە و پرسی ئاسایش، بەتایبەتی لە جەنگی دژی تیرۆردا.

هەرچی پرسی رەوایەتیشە ئەوا ئەو دەسەڵاتەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، نوێنەرایەتی کوردستانیان دەکات و سەرچاوەی رەوایەتییەکەشی هەر لەو خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش قبوڵکراوە و لەلایەن چەندین دەوڵەتیشەوە، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت.

دوای دەستنیشانکردنی ئەم تایبەتمەندییانە، ماوەتەوە ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئایا لەناو ئەو پۆل و جۆرانەی بکەرە نا- دەوڵەتەکاندا کە ئاماژەمان پێدا، هەرێمی کوردستان- عێراق لەژێر کام جۆریاندا پۆلێندەکرێت.

ئەگەر پۆلبەندییەکەی فیلیپ برایار و محەمەد رەزا جەلیلی لەبەرچاو بگرین (برايار وجليلي، 2009)، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو بکەرە نا- دەوڵەتانەوە کە بە بکەری شیاو (فواعل ممكنة) ناودێری دەکەن، مەبەست لە بکەری شیاویش ئەو جۆرە بکەرانەن کە نە دەچنە ریزی کۆمەڵەی بکەرە حکومییەکان و نە دەچنە ریزی نا- حکومییەکان واتا لە دۆخێکی میانجیگەرییدان، هەندێکیان چاویان لەوەیە ببنە بکەری دەوڵەتی،وەک هەرێمی کوردستان- عێراق و هەندێکی تریان ناکرێت لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە تیایدا ریزکراون جیاببنەوە.

ئەگەر لە روانگەی ئەو پۆلێنانەوە لە هەرێم بڕوانین کە بکەرە نا--دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای جوگرافی و ئایدیۆلۆجی و ئابووری پۆلێندەکەن (أبو ليلة، 2013)، ئەوا دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان بکەرێکی نا- دەوڵەتی هەرێمییە، واتا لەو جۆرە بکەرانەیە کە پەیکەرێکی چەسپاوی هەیە و خاوەنی دام و دەزگای سیاسی و سەربازییە و هەوڵی بنیادنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەدات لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی خۆیدا.

ئەگەر لە روانگەی فرە پێوەرەکانیشەوە، کە پێوەرێکی گشتگیر تر و فرە ئاست تره لە هەرێمی کوردستان- عێراق بنواڕین (رجب، 2013) ئەوا دەتوانین بڵێین کەوا هەر پێنج پێوەرەکە بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەچەسپێت: پێوەری یەکەم، کە پێوەری سەرچاوەی هێزی بکەرەکەیە (المعيار المدعم لنشاط الفاعل) واتا ئەو سەرچاوەیەی کە بکەرە نا- دەوڵەتەکە هێزی خۆیی لێوە وەردەگرێت و دەستەبەری بەردەوامبوونی دەکات، ئەم سەرچاوەیە یان مادییە، وەک هەبوونی هێزی ئابووری یان کۆنترۆڵکردنی هەرێمێک یان بوونی چەک و هێزی سەربازی، یان سەرچاوەی هێزەکەی نا مادی و بەهاییە واتا پشتبەستن بە بەها و رۆشنبیری و شوناس کە بکەر لە سایەیاندا گەشەیکردووە. هەرێمی کوردستان خاوەنی هەر دوو سەرچاوەکەی هێزە: لەڕووی سەرچاوەی مادییەوە، خاوەنی جوگرافییایەکە کە دامودەزگاکانی خۆ- بەڕێوەبردنی تێدا دامەزراندووە، ئەم جوگرافیایە سەرچاوەی بژێوی و دەستەبەری مانەوە و بەردەوامی هەرێمەکەش دەکات؛ هەروەها خاوەنی سەرچاوەی نا-مادی هێزیشە، چونکە خاوەنی پرسێکی رەوایە و بوونی هەرێمەکە و بەردەوامیشی لەگەڵ بەها و پێودانگەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دێتەوە. پێوەری دووهەم پێوەری شوێنە، واتا ئەو بوار یان چوارچێوەیەی کە بکەر چالاکی تێدا ئەنجام دەدات. وەک لەم توێژینەوەیەدا ئێمە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، چوارچێوەی کار و چالاکی هەرێمی کوردستان سنووری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ تێدەپەڕێنێت و لەسەر ئاستی نێودەودەوڵەتیش هەرێم جموجوڵ و چالاکی هەیە. پێوەری سێهەم پێوەری پەیوەندی بکەرە بە دەوڵەتەوە، واتا بکەرێکی حکومیە یان نا حکومی، رەوایە یان ناڕەوا. هەرێمی کوردستان بنەمایەکی قانوونی و دەستووری هەیە و خاوەنی رەوایەتییە هەم لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، کەواتە بکەرێکی خاوەن رەوایەتییە و بەشێکیشە لە بونیاد و پەیکەری دەوڵەتی عێراق. پێوەری چوارهەم پێوەری ئامانجی نەخشێنراوی چالاکییەکانی بکەری نا-دەوڵەتە واتا ئەو ئامانجانەی بکەری نا- دەوڵەت بۆ خۆیی نەخشاندووە و کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات، ئەمەش یان پاراستنی باری ئارایە یان هەوڵدان بۆ گۆڕین و راستکردنەوەیەتیی، بەجۆرێک خزمەت بە بکەرە نا-دەوڵەتەکە بکات. ئەگەر لە روانگەی ئەم پێوەرەوە لە هەرێمی کوردستان بنواڕین ئەوا دەتوانین بڵێین بکەرێکی هەموارگەرایە (Revisionist)، چونکە هەوڵی گۆڕینی باری ئارا دەدات و چاوی لەسەر ئامانجی گەیشتنە بە سەربەخۆیی تەواوەتی، ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لە ساڵی 2017 دا پشتڕاستی ئەم بانگەشەیەمان دەکاتەوە. هەرچی پێوەری پێنجەهەمیشە پێوەری جۆری چالاکی پیادەکراوە لە لایەن بکەرەوە، جا جۆری چالاکییە پیادەکراوەکە ئابووری بێت یان مافداریی یان سیاسیی یان ئاسایشیی. جۆری چالاکی و هەڵسوکەوتەکانی هەرێمی کوردستان فرە ئاست و فرە جۆرن و تەنها لە یەک بواری ئابووری، مافداری، سیاسی و ئاسایشییدا کورت هەڵنایەت.

ئەگەر پۆلبەندییەکەی پیتەر ویڵێتس بکەین بە بنەمای پۆلێنکردن، دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان- عێراق بکەرێکی نا-دەوڵەتی خاوەن رەوایەتییە، چونکە چوارچێوەیەکی قانوونی دانپێدانراوی هەیە و بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ و بەحوکمی دیفاکتۆ بوونی دەسەڵات و چالاکییەکانی سنووربڕە و لە هەندێک بواردا سنووری دەسەڵاتەکانی هەرێمێکی فیدراڵ تێدەپەڕێنێت و وەک نیمچە دەوڵەتێکی دیفاکتۆ خۆی دەنوێنێت. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەسنوورێکدا، با بەرتسکیش بێت بکەرێکی نا-دەوڵەتی قبوڵکراوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لەژێر رۆشنایی ئەو پۆلێنبەندییانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەوا هەرێمی کوردستان- عێراق بکەرێکی نا- دەوڵەتی هەرێمی خاوەن رەوایەتییە و خاوەنی سەرچاوەی هێزی مادی و نا مادیی و بواری چالاکییە و چالاکییە پیادەکراوەکانیشی فرە جۆرە. هەرێمییە چونکە خاوەنی پەیکەر و دامودەزگای سیاسییە لەسەر جوگرافییایەک؛ رەوایە چونکە خاوەن بنەمای قانوونیە و پاڵپشتی دەستووری و واقیعیشی هەیە؛ خاوەنی هێزی مادی و نا مادییە واتا خاوەنی سەرچاوەی داهاتە و هەرێمێکی لەژێر دەستدایە و خاوەنی ئامرازەکانی توندوتیژی و هێزی سەربازییە؛ هەروەها خاوەنی بیروباوەڕ و کەلتوور و زمان و بەها و شووناسە و پرسێکی رەوای گەلێکیش هەیە کە نوێنەرایەتی دەکات؛ خاوەن بواری چالاکییە، واتا بوارێکی هەیە چالاکی تێدا ئەنجام دەدات و چالاکییەکانیشی فرەجۆرن، هەم ئابووریین هەم مافسازی هەم سیاسی و هەم ئاسایشیی.

### 3-3. ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق و ئاڵەنگارییەکانی

لە خاڵی پێشووی ئەم تەوەرەیەدا، پرسی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراقمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوتوێکرد و گەیشتین بەو دەرەنجامەی کەوا هەرێمی کوردستان بکەرێکی نا-دەوڵەتە. واتا ئامادەیی هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم ئامادەییە سنووردارە و ئاڵەنگاریشی لەبەردەمدایە. ئێستا و لەم خاڵەدا کاتی ئەوەیە تاوتوێی چۆنێتی ئەو ئامادەییە بکەین و ئاڵەنگارییەکانیشی دەستنیشان بکەین.

#### 3-3-1. ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق

ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی هەرێمی کوردستاندا، وەک قەوارەیەکی دیفاکتۆ لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا. دواتر و لەگەڵ داگیرکردنی عێراقیشدا ساڵی 2003 ئەم ئامادەییە زەمینەیەکی لەباری بۆ رەخسا و بە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵیش لە ساڵی 2005 دا رەهەندێکی قانوونی و دەستووری وەرگرت.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 1992، حکومەتی هەرێم دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق، چەند رێگایەکی گرتەبەر لەپێناو پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا و بتەوکردنی پێگەی نێودەوڵەتییانەی خۆی و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی. یەکێک لەو رێگایانە دروستکردنی وەزارەتێک بوو بەناوی وەزارەتی 'یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاریی'. بەگوێرەی مادەی چوار لە قانوونی وەزارەت، ژمارە 20ی ساڵی 1993 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەرکەکانی وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بریتیبوون لە (البرلمان، 1993):

أ- پەیوەندیگرتن لەگەڵ رێکخراوە مرۆیی یان سیاسییەکان و دەزگاکانی راگەیاندندا.
ب- کارکردن لەپێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانی دارایی و مەعنەویی و سیاسی بۆ هەرێم.
ت- بەدەستهێنانی زەمالەی خوێندن لە وڵاتانی دۆست.
ث- هەماهەنگی نێوان رێکخراوە جیهانییەکان و ئەنجوومەنی وەزیران.

ج- ڕێکخستن و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆنفرانس و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا.

ح- ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕەوەندی کوردستانی و ڕێکخراوەکانیان لەدەرەوەی هەرێم بە مەبەستی هاوکاریی.

خ- ڕێکخستنی کاروباری چوونە دەرەوە و هاتنە ناوەوە بۆ هەرێم.

بەدرێژایی ساڵانی نەوەدەکان و تا ساڵی 2006 ئەم وەزارەتە یەکێک بوو لە کەناڵەکانی پەیوەندیگرتنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ دونیای دەرەوەدا.

دوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ، هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕەهەندێکی دەستووریشی وەرگرت و ئەم ئامادەییەی بردە ئاستێکی باڵاتر. هەرچەندە بەپێی دەستوورەکە پەیوەندییە دەرەکییەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدایە و هەموو سەڵاحییەتەکان قۆرغکراوە بۆ حکوومەتی فیدراڵ لە بەغداد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەراوێزی لڤین و جموجوڵ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان ماوەتەوە. بۆ نموونە مادەی 121/چوارهەم لە دەستووری عێراقی فیدراڵ ڕێگە بە کردنەوەی نوسینگەی هەرێم و پارێزگاکان دەدات لەناو باڵوێزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکانی عێراقدا، بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان. هەروەها مادەی 112/ دووهەم باس لە بەڕێوەبردنی نەوت و غاز دەکات و تێیدا هاتووە: 'حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیجیی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵک بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان' (دەستووری کۆماری عێراق، 2005).

ئەم پشتیوانییە قانوونییە وایکرد لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ساڵی 2006 'فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە' پێکبهێنرێت و ئەرکی پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە بەم فەرمانگەیە بسپێردرێت. بەگوێرەی مادەی هەژدەهەم لە پێڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (1) لە 2006/6/22 فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاروباری پەیوەست بە پەیوەندییە دەرەکییەکان لە ئەستۆ دەگرێت (وقائع کوردستان، 2006).

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەولێری پایتەخت پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەرەپێدەدات، حکومەتی هەرێم چواردە نوێنەرایەتی لە وڵاتانی جیهاندا هەیە (حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم وڵاتانەدا نوێنەرایەتی هەیە: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئێران، بەریتانیا، فەڕەنسا، سووید، سویسرا، ڕووسیا، نەمسا، پۆڵەندا، یەکێتی ئەورووپا (فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە (أ)، 2022)) و هەولێری پایتەختیش بووتە خانەخوێی چەندین قونسوڵخانە و نووسینگەی باڵوێزخانە و بارەگای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (ئەم وڵاتانە نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە: کونسوڵگەریی کۆماری میسری عەرەبی، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری سودان، کونسوڵگەریی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری تورکیا، کونسوڵگەریی کۆریا، کونسوڵگەریی گشتی هیند، نووسینگەی کونسوڵگەریی ژاپۆن، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری چینی میللی، ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (جیکا)، ئاژانسی هاریکاری نێودەوڵەتی کۆریا (کۆیکا)، کونسوڵگەریی فەخری کۆماری سۆشیالیستی دیموکراتی سریلانکا، کونسوڵگەریی فەخری کۆماری قوبرس، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری ڕووسیای فیدراڵ، کونسوڵگەریی گشتیکۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری فەڕەنسا، کونسوڵگەریی گشتی شانشین یەکگرتووی بەریتانیا، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری چیک، کونسوڵگەریی گشتی هەنگاریا، کونسوڵگەریی گشتی شانشینی هۆڵەندا، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کونسوڵگەریی گشتی شانشینی هاشمی ئەردەن، کونسوڵگەریی گشتی فەلەستین، کونسوڵگەریی گشتی میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو – ئیمارات، کونسوڵگەریی گشتی وڵاتی کوێت، کونسوڵگەریی گشتی شانشینی سعودی عەرەبی (فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە (ب)، 2022)).

دەکرێت مامەڵەی نێودەوڵەتییانە و شێوازی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەچەند خاڵێکدا کورتبکەینەوە و دەستنیشانیان بکەین:

أ. پێشوازیکردن لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی باڵا لەلایەن دەوڵەتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە و بانگهێشتکردنیان بۆ کۆڕبەند و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.

ب. کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چواردە وڵاتدا و مامەڵکردن لەگەڵیاندا وەک نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها کردنەوەی چەندین قونسوڵخانە و نووسینگەی باڵوێزخانەی وڵاتان و نووسینگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان.

ت. مامەڵەکردنی دەوڵەتان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سنوورێکی بەرتەسکدا و لە چەند پرسێکدا، کە پرسی تایبەتن بە سەروەریی (Sovereignty)، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی لە بەغداد.

ئەم خاڵی سێهەمە، واتا مامەڵەکردنی هەرێم لە چەند پرسێکی بواری سەروەرییدا بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ، خاڵێکی گرنگە پەیوەست بە ئامادەیی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و شایانی لەسەر وەستانە، چونکە وا دەکات دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە دەسەڵاتەکانی هەرێمێکی فیدراڵبن. لێرەدا کەیسێک وەک نموونە دەهێنینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کەناڵی دیپلۆماسییانەی خۆیەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ لە پرسێکی پەیوەست بە سەروەرییەوە (Sovereignty) مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا کردووە، ئەویش کەیسی ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارێکە بە حکومەتی ئەڵمانیا:

گەنجێکی بیست ساڵانی پەنابەری کورد لە وڵاتی ئەڵمانیا بە ناوی 'عەلی بەشار' تۆمەتباربوو بە کوشتنی کچێکی چواردە ساڵانی ئەڵمانیایی. بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2018/6/8 لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای دهۆکەوە لەسەر داوای پۆلیسی فیدراڵی ئەڵمانیا، لە زاخۆ دەستگیرکرا و ڕۆژی دواتر، واتا2018/6/9 لە هەولێر ڕادەستی پۆلیسی ئەڵمانیا کرایەوە. بەگوێرەی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی گشتی، ڕادەستکردنەوەی تاوانبار کارێکە پەیوەستە بە سەروەریی و لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵیدایە، نەک هەرێمەکان. هەروەها پێویستە داواکاریی ڕادەستکردنی تاوانباری هەڵاتوو لەڕێگەی نوێنەری دیپلۆماسی دەوڵەتی داواکارەوە پێشکەش بە دەوڵەتی داوالێکراو بکرێت (غلان، 2000). بەپێی بڕگەکانی قانوونی 'بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی'ش ئەم کارە لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵیدایە. قانوونی 'بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی' ژمارە (23)ی ساڵی 1971ی هەموارکراو، لە مادەی 352 بەدواوە شێواز و چۆنێتی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی ڕوونکردووەتەوە. بەگوێرەی ئەم قانوونە داواکاریی ڕادەستکردن بە نووسراو و لەڕێگەی دیپلۆماسییەوە پێشکەش بە وەزارەتی دادی حکومەتی فیدراڵی دەکرێت و بەڵگەنامەکانی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت. بەڵام وەک دەردەکەوێت، هەرێمی کوردستان لەم پرسەدا ڕاستەوخۆ و سەربەخۆیانە کارەکەی ئەنجامداوە و پیادەی کارێکی کردووە

کە پەیوەستە بە سەروەرییەوە (نەجم،2018). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کەوا لە پرسێکی تری هاوشێوەدا و لە ڕێکەوتی 2019/8/3 حکوومەتی هەرێم تۆمەتبارێکی تری ڕادەستی حکومەتی ئەڵمانیا کردەوە، کە تۆمەتباربوو بە کوشتنی ئامۆزاکەی، لە ئاهەنگێکی بووک گواستنەوەدا لە شاری هانۆڤەری وڵاتی ئەڵمانیا. بەڵام ئەمجارەیان لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵەوە، حکومەتی هەرێم تۆمەتبارەکەیان ڕادەستی فەرماندەیی پۆلیسی بەغداد کردەوە، تاکو لەڕێگەی ئەوانەوە ڕادەست بکرێتەوە (نەجم،2019). پێویستە بڵێین ئەم ڕووداوەی دووهەم ناکرێتە بەڵگە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گریمانەی کە سەرڕێکامان خست و ڕادەستکردنەوەی یەکەممان کردە پاڵپشت بۆی، بەڵکو ئەم ڕووداوەی دووهەم پەیوەندی بە هەڵکشان و داکشانی کاریگەریی بکەرە نا- دەوڵەتەکان و ئەو بەستێنەوە هەیە کە ڕووداوەکەی تێدا ڕودەدات.

### 2-3-3. ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق

ئامادەیی بکەرە نا-دەوڵەتەکان بەگشتی و هەرێمی کوردستان- عێراق بە تایبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بێ ئاستەنگ و ئاڵەنگاری نییە. لێرەدا بەکورتی، ئاماژە بە دوو لە گرنگترین ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییانە دەدەین کە یەکێکیان سیاسییە و ئەویتریشیان قانوونییە:

أ. ئاڵەنگارییە سیاسییەکە خۆی لەو بنەمایانەدا بەرجەستە دەکات، کە سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر دروستبووە و مێژووی ڕەنگڕێژبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی ویستیڤالیا (1648). سیستەمی نێودەوڵەتی، لەلایەکەوە سیستەمێکی دەوڵەت بنەما و دەوڵەت سالارە و تەنها بکەرە خاوەن سەروەرییەکان (Sovereign Actors) بکەری سەرەکیین؛ لە لایەکی تریشەوە بە ئاسانی ڕێگەی بوون بە بکەری خاوەن سەروەریی (دەوڵەت) نادات. ڕێگای بوون بە خاوەنی سەروەریی، ڕێگەیەکی پڕ ئاستەنگە و پەیوەستی هاوسەنگی هێز و دانپێدانانی بکەرە نێودەوڵەتییە خاوەن سەروەرییەکانی ترە و سیستەمەکە بە ئاسانی یەکەی نوێ لەخۆ ناگرێت.

ب. ئاستەنگ و ئاڵەنگاری دووهەم، قانوونییە و پەیوەندی بە بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتییەوە هەیە. سەرەڕای گۆڕانکارییەکان لەو بنەمایانەدا بەجۆرێک بواری ئامادەیی بۆ بکەرە نا- دەوڵەتەکان لە سنوورێکدا دەڕەخسێنێت، بەڵام تا ئێستاش بەگوێرەی ئەو بنەمایانە دەوڵەت نەک بەشێک لە دەوڵەت (هەرێمە فیدراڵەکان) کەسایەتی قانوونی هەیە و دەتوانن بچنە ناو پەیوەندییە قانوونییەکانەوە.

## 4. ئەنجامگیریی

دوای شەنوکەوکردنی ئامادەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تاقیکردنەوەی گریمانەکەمان، بەم دەرەنجامانەی خوارەوە دەگەین:

**1-4.** جموجوڵ و هەڵسوکەوتی هەرێمی کوردستان و مەودای کار و چالاکییەکانی سنووری دەسەڵاتەکانی هەرێمێکی فیدراڵ تێدەپەڕێنێت و ئەم چالاکییانەشی هەم پشتیوانی قانوونی و دەستووریان هەیە هەم پشتیوانی واقیعیش. هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئامادەیی هەیە و ئەم ئامادەییەشی، وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکەمانەوە پێیگەیشتین، ئامادەییە وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت.

**2-4.** ئامادەیی و پیوار (غیاب)ی بکەرەنا- دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەگەرێکی هەمیشە ئامادەیە، چونکە لە سەردەمێکدا کە بە سەردەمی نا- دڵنیایی (Uncertainty) ناودێر دەکرێت، هەردوو ئەگەرەکە (مانەوە و نەمانەوە) شیمانەی ڕوودانیان هەیە. هەروەک ئیسماعیل سەبری مەقلەد دەڵێت: "لیستی بکەرە نێودەوڵەتییەکان، ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بەردەوام دەبێتەوە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی بکەری نوێ و چوونە دەرەوەی بکەری کۆن" (مقلد، 2013، ص95). کەواتە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان- عێراق کە بکەرێکی نا-دەوڵەتە و لە ناوچەیەکی خۆڵەمێشیدا، لەنێوان بوون بە بکەری خاوەن سەروەریی و نە بوونیدا وەستاوە، هەم ئەگەری بوون بە بکەری سەرەکی (دەوڵەت) شیمانەی هەیە و هەم ئەگەری داکشان و کۆتایی هاتن. چونکە ئەم، ئەگەرە ئەگەر بۆ دەوڵەت کە ستاتۆیەکی قانوونی چەسپاوتر و ئۆقرەگرتووتری هەیە، بەراورد بە نا-دەوڵەت، ئەگەری ڕوودانی هەبێت، ئەوا بۆ نا-دەوڵەت ئەگەرەکە بەهێزترە و هەمووکاتێک ئەگەری ڕوودانی هەیە. کەواتە ئایندەی هەرێمی کوردستان وەک بکەرێکی نا-دەوڵەت ئایندەیەکی تەمومژاوی و نا- دڵنیایە؛ لە دۆخێکی مۆلەق و دەڵەمەییدایە، هەم ئەگەری پێگەیشتن و بوون بە بکەرێکی خاوەن سەروەریی (دەوڵەت) و هەم ئەگەری ئاوابوون و کۆتاییهاتنی ئامادەییەکەی ئەگەرێکی ئامادەیە و شیمانەی ڕوودانی هەیە.

**3-4.** یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان- عێراق گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕبوو لە سیستەمی نێودەوڵەتی و بەها بنەماییەکانیدا، کەواتە هەموو گۆڕانکارییەکی سیستەمی نێودەوڵەتی و بەهاکانی سیستەمەکە، کاریگەریی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق، جا ئەو کاریگەرییە ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. (2014). *دەستووری کۆماری عێراق* (چاپی چوارەم).

خارۆداکی، ماریانا. (2011). کورد و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان: پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە 1945 ەوە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە مامکاک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق.

ڕەفیق، فاروق. (2014). لۆژیک و هونەری ئەرگومێنتسازی، کۆمپانیای ئاگۆرا بۆ بەرهەمە کلتورییەکان: سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.

نەجم، زانا کەریم. (2018، تەمووز2). ڕوانینێک بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ڕۆژنامەی ڕووداو، ل.14.

نەجم، زانا کەریم. (2019، ئاب26). گەڕانەوەی بەغداد. ڕۆژنامەی ڕووداو، ل.17.

نەجم، زانا کەریم. (2021). "دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییە یاساییەکانی". گۆڤاری ئایندەناسی، 7، 10-20.

پێگەی فەرمی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (أ). (2022/11/1 سەردانیکراوە). لەم بەستەرەوە: gov.krd/dfr/krg-representations/

پێگەی فەرمی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ب). (2022/11/1 سەردانیکراوە). لەم بەستەرەوە: gov.krd/dfr/foreign-representations/

### به زمانی عەرەبی

أبو ليلة، سعاد محمود. (2013). "عدم التماثل: الأطر النظرية المفسرة لدور الفاعلين العابرين للقومية". مجلة السياسة الدولية- ملحق إتجاهات نظرية، 192، 5-10.

إيفانز غ. ونويهام ج. (2004). قاموس بنغوين للعلاقات الدولية، ترجمة مركز الخليج للأبحاث، مركز الخليج للأبحاث: دبي، الإمارات العربية المتحدة.

برايار، فيليب وجليلي، محمد رضا. (2009). العلاقات الدولية، ترجمة حنان فوزي حمدان، دار ومكتبة الهلال للطباعة والنشر: لبنان، بيروت.

بن سعيد، مراد. (2014). "من الحوكمة الدولية إلى الحوكمة العالمية: التحولات الأنطولوجية في تحليل الحوكمة البيئية العالمية". مجلة المستقبل العربي، 421، 134-154.

جوف، إدمون. (1993). علاقات دولية، ترجمة: منصور القاضي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع: لبنان، بيروت.

حمشي، محمد وزقاغ، عادل. (2022). عن السياسة ما بعد الدولية: تعايش بين نظامين أم عصر وسيط جديد. مجلة سياسات عربية، 10 (54)، 7-24.

خاروداكي، ماريانا. (2013). الكرد والسياسة الخارجية الأمريكية: العلاقات الدولية في الشرق الأوسط منذ 1945، ترجمة خليل الجيوسي، دار الفارابي: بيروت، لبنان.

دن، تيموثي. (2004). الليبرالية. في ج. بيليس وس. سميث (محرران)، عولمة السياسة العالمية (ص ص312-348). الإمارات العربية المتحدة: مركز الخليج للأبحاث.

رجب، إيمان أحمد. (2012). "اللاعبون الجدد: أنماط وأدوار الفاعلين من غير الدول في المنطقة العربية". مجلة السياسة الدولية، 187، 34-41.

رجب، إيمان أحمد. (2013). "القوة المنافسة: مداخل تحليل الفاعلين العنيفين من غير الدول في المراحل الإنتقالية". مجلة السياسة الدولية- ملحق إتجاهات نظرية، 192، 11-16.

سميث، ستيف. (2004). مقاربات جديدة للنظرية الدولية. في ج. بيليس وس. سميث (محرران)، عولمة السياسة العالمية (ص ص349-407). الإمارات العربية المتحدة: مركز الخليج للأبحاث.

الصديقي، سعيد. (2006). القوى السياسية عبر الوطنية، في: حافظ ابراهيم وآخرون، السيادة والسلطة، مركز دراسات الوحدة العربية: لبنان، بيروت.

عزم، أحمد جميل. (2010). "عودة الدولة في السياسة الخارجية". مجلة آفاق المستقبل، 40،3-45.

غلان، جيرهار فان. (سنة الطبع، بلا). القانون بين الأمم، ترجمة عباس العمر، دار الجيل ودار آفاق الجديدة: بيروت، لبنان.

نجم، زانا كريم. (2021). الفاعلون من غير الدول ودورهم في السياسة العالمية: إقليم كوردستان- العراق إنموذجاً، مطبعة كارو: سليمانية، إقليم كوردستان- العراق.

محمود، أنور محمد فرج. (2017). "الفاعلون من غير الدول والدولة الفاشلة: دراسة من منظور العصور الوسطى الجديدة في الشرق الأوسط". مجلة دراسات قانونية وسياسية، 264،9-294.

محمود، أنور محمد فرج. (2012). المجتمع المدني العالمي بين الفاعلية والشرعية.
AL-Mostansiriyah journal for arab and international studies, (37).

مقلد، د. إسماعيل صبري. (2013). السياسة الخارجية: الأصول النظرية والتطبيقات العملية، المكتبة الأكاديمية: القاهرة، مصر.

النجار، د. شيرزاد أحمد أمين. (2014). " مركز اقليم كوردستان- العراق في السياسة العالمية: حالة عدم اليقين؟". مجلة قضايا سياسية، 35-36، 107-138.

الهياجنة، عدنان محمد حسين. (2001). قضايا العلاقات الدولية بين الواقعية والعالمية". مجلة العلوم الإجتماعية، 2، 7-30.

المجلس الوطني لإقليم كوردستان- العراق. (1993، كانون الأول 30). البرلمان: صحيفة المجلس الوطني لإقليم كوردستان- العراق، 17، 2.

حكومة إقليم كوردستان- العراق. (2006، آب 27). وقائع كوردستان: الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- العراق، 62، 43.

### بەزمانی ئینگلیزی

Folker, J. S. (2010). Neoliberalism. In: Tim Dunne, Milja Kurki, Steve Smith (Eds.), International Relations Theories. UK: Oxford University Press.

Josselin D. & Wallace W. (Eds.). (2011). Non-State Actors in World Politics: a Framework. New York: Palgrave.

Morgenthau, H. J. (1993). Political Among Nations: The Struggle for Power and Peace. New York: MC Graw Hill.

Nye, Jr. J. S. (2011). The Future of Power. New York: public affairs.

Waltz, K. N. (2010). Theory of International Politics. USA: Waveland Press, Inc.

Willetts, P. (2014). Transnational Actors and International Organizations in Global Politics. In: J. Baylis, S. Smith, & P. Owens (Eds.), the Globalization of World Politics. UK: Oxford University Press.